# بۆ لە فایلدارەکان خۆشبین ؟!!

**دڵزار حەسەن...**

ئەوە ئەو پرسیارەیە کە سەرەتا دەبێت دەسەڵاتداران و حکومەت و خودی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەڵامی بداتەوە ، رەنگە پرسیارگەلێکی ئاواش راستەوخۆ ببێتەوە بەو گومانەی کە ئاخو بۆچی ئاوا بە ئاسانی مەلەفی فایلدارەکان خرایە بەر باس و بەوشێوەیەش و بەو ئاسانییە بڕیاری لێخۆشبوونیبان بۆ دەرچوو .
هەردوو پرس و هەردوو پرسیار بۆ تاکێکی ئەو نیشتیمانە داماوەی من مایەی سەرسوڕمان و پێکەنینە ، مایەی سەرسوڕمانە کە لەنێو ئەو حزبە شۆرشگێڕ و پێشکەوتوو خوازانە کەسانی بەعسی و سیخوڕ و خائین هەبن و ئامادەشبن گەورەترین زیان بە گەل و نەتەوەکەیان بگەیەنن ، مایەی پێکەنینیشە لەبەر ئەوەی کە بەیەک مەرسومی شاهانەی بەرپرسانی نێو پلینیۆم گوناهی تەواوی جاش و فایلداران بشۆیتەوە و کەسیش نەبێت بەو حاکمە موتلەقانەی ناو حزب بڵێت ئەریٚ ئەو مافەتان لە کویٚ هێناو چۆن هەقتان بەخۆتاندا خیانەتی خائینان دەرهەق بە گەل و نیشتیمان بە یەک وشە و هەزار چەپڵەوە بەبا بکەن !!!؟
نازانم ئێستا خەڵک چۆن بتوانێت شۆرشگێڕ و خائین لێک جیا بکاتەوە و بە کەسانی جوامێر و پاک بڵێن پاشا و بە کەسانی جاش و خۆفرۆشیش بڵێن فایلدار . بەراستی زەمانێکی خراپە تێکەوتینە وچاک و خراپ تێکەڵبوینە و لەولاوەش حزب بە ئارەزووی خۆشی چەپڵە بەو کادیرە خەسێندراواوانەی لێدەدا بۆ لێخۆشبوونیان !!
بۆیە لێرەدا گلەیی لە حزب ناکەم بەڵکو رووی گازاندە و رەخنە لەو کادیرانەی دەگرم کە چۆن ئاوا بیٚ هەڵوێستن لە بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیەی کە حزب لە پێناو مانەوەی خۆی دەرهەرق بە گەل و نەتەوە و کوردستان دەیکات.
سەرباری ئەو زوڵمە زۆرەی لە جەماوەر و هاوڵاتیانی کە بەناوی جۆراو جۆرەوە دەیکات ، هێشتا خۆی بە کەڵەگا و دەمڕاستی خەڵک دەزانێت . لەکۆتاییدا ئەوەماوە بڵێن کە مافی لێبووردنی فایلدارەکان مافێکی سروشتی خەڵک و دادگایە و تەنها و تەنها دادگا و خەڵک دەتوانێت چارەنووسی فایلدارەکان دیارییبکات نەک ئەو کەس و حزب و لایەنانەی کە خۆیان بە حاکمی موتلەقی کوردستان دەزانن !!!